روسیا ڤیتۆ لەسەر دژی بڕیارنامەیەکی ئەمریکا سەبارەت بە کۆریای باکور بەکاردەهێنێت

نوێنەری هەمیشەیی روسیا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نوودەوڵەتی ئەمڕۆ پێنجشەممەدەسەڵاتی ڤیتۆی خۆی بەکارهێنا دژ بە هەشنوسی بڕیارنامەی ئەمریکا بۆ درێژکردنەوەی کاری پسپۆڕانی لیژنەی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر کۆریای باکور بۆ ماوەی ساڵێك.

لەکۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نوودەوڵەتیدا، ئەمریکا رەشنوسی بڕیارنامەیەکی خستەڕوو بەمەبەستی درێژکردنەوەی کاری پسپۆڕانی لیژنەی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر کۆریای باکور، لەبەرامبەردا روسیا دەسەڵاتی ڤیتۆی بەکارهێنا، وڵاتی چینیش خۆی لە دەنگدان بەدورگرت و سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانییان لە هەشنوسی بڕیارنامەکەی ئەمریکا کرد.

لە دەقی هەشنوسی بڕیارنامەکەی ئەمریکادا هاتوە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیار دەدات ئەرکی لیژنەی پسپۆڕان تا 30ی (نیسانی/4)ی 2025 درێژ بکاتەوە.

ڤاسیلی نێبەنزیا نوێنەری هەمیشەیی ڕوسیا لە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕونیکردەوە، "مۆسکۆ دڵنیایە لەوەی کە کاتی ئەوە هاتوە بیر لە نوێکردنەوەی سزاکانی سەر کۆریای باکور لە

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتەوە"، ئەمەش ئاماژەیەک بۆئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا نایانەوێت لەسزاکانیان بەرامبەر پیۆنگیانگ دوربکەونەوە.

ڤاسیلی نێبێنزیا ئاماژەی بەوەشکرد، "گروپی شارەزایانی ساڵی 1718 بووە کەڕەستەیەك کە بووە هۆی ئەم دۆخە کارەساتبارەی ئێستا، مامەڵەکردنیشی لەگەڵ بەرپرسیارێتییەکاستەوخۆکانی خۆی ڕاگرتووە، کارەکانی لەدەستکاریکردن بەپێی ڕۆژئاواییەکان، دوبارەچاپکردنەوەو زانیاری لایەنگری، شیکردنەوەی سەردەمی ڕۆژنامەکان و وێنەی کوالیتی نزم کورتکردۆتەوە".

ئەوەشی ئاشکراکردووە، گروپەکە بەشێوەیەکی کاریگەر دان بەبێتوانایی خۆیدا دەنێت لەپەرەپێدانی هەڵسەنگاندنی هۆشیارانەی دۆخی ڕۆمی سزاکان، لێژنەکەبەردەوام بو لەپابەندبون بەوردەکارییەناگرنگەکانەوەکەلەگەڵ کێشەکانی نیمچەدورگەی (کۆریا)دا ناگونجێت.